بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتی هەرێم
سەرۆك

بەناوی گەلەوە

بڕیار

ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠٠٩

بە پێی خاڵی (٢) ی برگەی (یەکەم) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٣) لە ٢٠٠٩/٥/١٣ بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**بڕیاری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٩**

**یەکەم:** بەدەر لە حوکمی ماددەی سێیەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو ویلایەتی سەرۆکی هەرێم کە لە ٢٠٠٩/٦/١٢ کۆتایی پێدێت، درێژدەکرێتەوە تاکو هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێ بۆ هەرێم و دەست بەکاربوونی.

**دووەم:** کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت.

**سێیەم:** لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێ بەجێ بکەن.

چوارەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوواندنیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

مسعود بارزانـــی
سەرۆکـــی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**هەولێر**

٢٧ / گوڵان/ ٢٧٠٩ ی کوردی
٢٢ / جەمادی الاول/ ١٤٣٠ ی کۆچی
١٧ / مایس/ ٢٠٠٩ ی زایینی